

جیاجیاوە لە ڕووبەرێکی دیاریکراو بۆ پێکهێنانی ڕووبەرێکی تر و پانتاییەکی دیکە و ڕوانینێکی تر،
ئەمە وەکو واژەیەکی ڕووت… بەڵام بێگومان وەك هونەر، کۆلاژ هونەرێکی سەربەخۆیە ئەگەرچی لەسەرێك ڕەنگە لەدونیای ڕۆژنامەگەرییەوە نزیکتر بێ
تا هونەری شێوەکاری پەتی ، بەڵام دیسان لە خۆیدا هەردێتەوە قاوخی هونەری شێوەکاری ،
لەو گۆشەنیگایەوەش زۆر هونەرمەند پەنایان بۆ بردووە ، کە بەڕاستی ڕەهەندێکی ناسکئامێزی هەیە…
کارکردن و تەکنیکی کارکردن لە هونەری کۆلاژدا ، ڕاستیی بەقەد ئەوەی ئازادی بەکارهێنانی کەرەستەی هەمە جۆر و مەودای بەرفراوانی کارتێداکردنی هەیە ، بەقەد ئەوەش بەرهەستیی بزاڤی شێوە جۆراوجۆر و فرەبابەتی لە بۆشاییدا کە هونەرمەند دەیەوێ زەمینەیەکی لێ پێك بهێنێ یا کەشفی نوێی پێ بکا ، هەروەها دایەلۆگی هونەرمەند لەگەڵ ڕەمز و مەودا و ڕەهەندەکانیدا ، هونەرێکە سەرکەوتنی تێدا بەو ئاسانییە نییە و نابێ ئەگەر پاشخانێکی مەعریفی و جوانناسی لەپشتەوە نەبێ..

بۆ من کۆلاژ، دیوەکەی تری شیعر بووە ، بۆیە دەبینی لە ڕووی تەکنیکی کارکردنیشمەوە پابەندییەکی ڕۆمانسێمزی لە تابلۆکانمدا دەردەکەون.. من لە کۆلاژدا هەست بە ئازادییەکی ڕەهاتر دەکەم ، هەست بەو شێتییەتی و بەو وەهمانە دەکەم کەپێموایە کەم و زۆر لە هەمووماندا هەیە..
لەکارکردنیشمدا هەرگیز لایەنی ئیستاتیکی و تەکنیکی کارکردن و ڕوئیای شێوەخوازیی لە مەودایەکی ڕەهاترم بە قوربانی ناوەرۆکێکی ئیفلیج نەکردووە.
لەپیشانگاکانمدا هەمیشە هەوڵمداوە ڕیتمی ونکراو لەناو ژاوەژاوی سەردەم بدۆزمەوە ، لە کاتێکدا هاوسەنگیمان ڕوو لە ئاوابوون بوو..
ئەوەش وەهمێك بوو ، دوور لەو مەنتیقەی زۆربەمان پێیەوە گرفتار بووین .
خۆش نییە مرۆڤ بۆ وەهم بژی.




2014

